Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 299-337
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.7

ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا و پەیوەندیی بە کولتوور و ئایینەوە

د. میدیا ابراهیم فتاح

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

media.fatah@soran.edu.iq

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی کولتوور و ئایینە لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان و ئاکامەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە لە جۆری نیمچە ڕێکخراو. کۆمەڵگەی توێژینەوە شاری هەولێرە، بەشێکی نموونەی توێژینەوە بریتین لە (7) کەیس لەو کچانەی لە خوار تەمەنی 15 ساڵی بەشوودراون، بەشی دووەمیش شارەزایانن لە بوارەکانی شەریعە و کۆمەڵناسی و مافەکانی مرۆڤ و پزیشکی ئافرەتان و پارێزەر کە ژمارەیان (7) کەسە.

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا لە ژێر کاریگەریی ئایین و کولتووری پیاوسالاریی و شەرعدایە و دەبێتە هۆی زاڵبوونی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان لە تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆربوونی کێشەی کۆمەڵایەتی کە تەڵاق دیارترینیانە.

**کلیلەووشە:** هاوسەرگیریی منداڵان، ئایینی ئیسلام، کولتووری پیاوسالاری، بەها و نەریتی کۆمەڵایەتی.

# هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا و پەیوەندیی بە کولتوور و ئایینەوە/ توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە پارێزگای هەولێردا

## پێشەکی

بەشێک لە وڵاتانی دونیا هاوسەرگیریی منداڵان بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنێن و زۆرینەی خەڵک پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش زۆر جار لە ڕێگای یاساوە ڕێکخراوە کە تەمەنی هاوسەرگیریی کەمترکردووە یان دەسەڵاتی داوەتە وەلی ئەمری کچ بۆ ئەوەی بەشووی بدات بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی دەزانێت. دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بوونی هەیە، زۆر جار خێزان(باوکان) کچەکانیان لە تەمەنێکی بچووکدا و تەنانەت پێش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی بەشوودەدەن، بۆ ئەم کارەش چەندین پاڵنەریان هەیە وەکو پاراستنی ئەو کچە لە لادان یان چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕزگار بوون لە ئەرکی بەخێوکردنی کچان.

هەرچەندە هاوسەرگیریی منداڵان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت و بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەران و چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت ڕەخنەی لێدەگرن و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەبارەی ئاکامە خراپەکانی بەڕێوەدەبەن، بەڵام هێشتا ئەم دیاردەیە بوونی هەیە و هەندێ خێزان کچەکانیان دەخەنە نێو ریسکی ژیانی هاوسەرێتی و دووگیانی و منداڵبوون، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی هەژاریی ئابووری و فیکری و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە پێیانوایە پارێزگاریکردن لە

شەرەف و نامووسی خێزان بە بەشوودانی کچان لە تەمەنێکی منداڵییەوە جێبەجێ دەبێت.

سەرچاوەکان ناکۆکن لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی هاوسەرگیریی منداڵان، بەشێکیان پێیانوایە کە لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشێکی تریش لە بۆچوونەکان هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر لە کۆنەوە ڕێگەی بەم جۆرە هاوسەرگیرییە داوە ئەمەش بە هۆی نەبوونی هۆشیاریی پێویست بۆ ئاکامە نێگەتیڤەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لەسەر تاک و کۆمەڵگەدا (العبیدی وولی، 2009: 494). لەرووی ئایینییەوە بۆچوونەکان دەربارەی هاوسەرگیریی منداڵان و تاچ ڕادەیەک ڕێگەپێدراوە جیاوازن، بەشێک لەسەرچاوەکان پێیانوایە کە باڵقبوونی کچان مەرجی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە هەروەها توانای جەستەیی ئەو کچە بۆ بەرگەگرتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسی، بەڵام بەشێکی تر لە سەرچاوە ئاینییەکان پێیان وایە کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا و لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فیکری و کرانەوەی کۆمەڵگەکان و پێویستیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە خێزانی تەندروست، پێویستە ئەم دیاردەیە ڕێگری لێبکرێت لەرووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە چونکە چەندین ئاکامی نێگەتیڤی هەیە (ال سعود، 2010).

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە، ئایا هاوسەرگیریی منداڵان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتووری کۆمەڵگە یان ئایینەوە؟ ئاکامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لەسەر تاک و کۆمەڵگە چین؟

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشان کردنی ڕاستییەکانە دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لای توێژەر دروست دەبن دەربارەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاری کردنی کاریگەریی هەریەک لە کولتوور و ئایین لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا و هەروەها ئاکامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لەسەر تاک و کۆمەڵگەدا.

## واتای هاوسەرگیریی منداڵان(child marriage)

هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕووی زانستی و پزیشکییەوە واتە هاوسەرگیریکردن پێش  تەمەنی پێگەیشتن (باڵقبوون) یان خوار تەمەنی یاسایی، سەبارەت بە کچان هاوسەرگیریی منداڵان یا پێش وەختە واتە بە شوودانی کچ پێش تەمەنی پێگەیشتن (بالقبوون) کە لە ڕووی زانستییەوە ناسراوە بە قۆناغی گۆڕانە هۆرمۆنی و بایۆلۆجی و دەروونییەکان. ئەوەی جێی ئاماژەیە کە پێگەیشتن مەسەلەیەکی کتوپڕ نییە، بەڵکو بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بە قۆناغی گۆڕانی هۆرمۆنی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەناسرێت، ئەو ماوەیەی کە دەیخایەنێت لە کەسێکە بۆ کەسێکی تر و بەپێی فاکتەرە بۆماوەییەکان جیاوازە (عطا، 2010: ل4). هاوسەرگیریی منداڵان بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام زۆرینەی پێناسەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەی کە کەمتر لە 16 ساڵی ئەنجام بدرێت بە هاوسەرگیریی منداڵان هەژمار دەکرێت (عبدالرضا، 2011).

هەرچەندە هاوسەرگیریی منداڵان (زواج القاصرات- child marriage) و زوو بە شوودان (الزواج المبكرearly marriage) دەچنە چوارچێوەی بەزۆر بەشوودانی کچان، بەڵام جیاوازن، هاوسەرگیریی منداڵان واتە بەشوودانی ئەو کچانەی کە تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە یان لە هەندێ حاڵەت ئەو کچانەی کە هێشتا باڵق نەبوونە، بەڵام زوو بە شوودان واتە ئەو هاوسەرگیرییەی کە لە نێوان 16 تا 20 ساڵی ئەنجام دەدرێت (العمران، 2013)، بۆیە ئەو هاوسەرگیرییەی کە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە هاوسەرگیریی منداڵانە و ئەو کچانە دەگرێتەوە کە لە خوار 16 ساڵیەوە و لە لایەن خێزانەوە پێش کامڵبوون و گەشەسەندنێکی تەندروست لە رووی جەستەیی و دەروونی و ژیری و کۆمەڵایەتییەوە بە شوودراون.

**هاوسەرگیریی منداڵان لە رووی ئایینییەوە**

دیاریکردنی تەمەن بۆ هاوسەرگیریکردن بابەتێکە کە هەمیشە جێی ناکۆکی و مشتومڕە بۆیە هاوسەرگیریی منداڵان وەکو زۆرینەی ئەو بابەتانەی کە سەرچاوەیەکی ئاینییان هەیە هەمیشە جێی ناکۆکییە، زانایان و فەقیهە ئایینییەکان ناکۆکن لەم رووەوە کە ئایا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە رووی شەرعەوە رێگە پێدراوە یان نا. لەم بارەیەوە دەکرێ بۆچوونەکان دابەش بکەینە سەر چەند ئاراستەیەکی جیاواز:

1- ئاراستەی یەکەم/ پەسەندکردن و ڕێگەدان بە هاوسەرگیریی منداڵان: بەپێی ئەم ئاراستەیە هاوسەرگیریی منداڵان لە ئایینی ئیسلامدا پەسەند و شیاوە، بەڵکو شێوازێکە لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی دوورخستنەوەی کچ لە لادان و خراپەکاری،

ئەم ئاراستەیەش بەڵگە لە قورئاندا دەهێنێتەوە بۆ پشت راستکردنەوە و پاڵپشتی کردنی ئەم بۆچوونە (القیسی،2010 :68) وەکو لە سورەتی تەلاق هاتووە: ((وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا ......سورەتی تەلاق/ ئایەتی (4)..

لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت کە لە رووی ئایینییەوە هاوسەرگیریی منداڵان رێگە پێدراوە چونکە باسی ئەو کچانە دەکات کە باڵق نەبوونە و هێشتا منداڵن (وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ)، هەروەها ئاماژە بۆ هاوسەرگیری پێغەمبەر (محمد) لەگەڵ (عائشە) دەکات کە ئەو کاتە تەمەنی عائشە تەنها 9 ساڵ بووە (السقاف،2013: 67). سەرەڕای ئەوەش، لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتووە ((تنكح المرأة لاربع لمالها و جمالها و حسبها و دينها)) واتە ئافرەت بەهۆی چوار فاکتەرەوە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکرێت کە ئەوانیش سەروەت و سامان و جوانی و ناوبانگی خێزان و ئایینن، لێرەدا تەمەن هیچ بایەخێکی نیە لە شەرعدا بۆیە تەنانەت لە فەرموودەکانیشدا ئاماژەی بۆ نەکراوە و دەستنیشان نەکراوە و لەسەر ئەو بنەمایە هاوسەرگیریی منداڵان بابەتێکی شیاو و پەسەندە و شەریعەتی ئیسلام رێگەی پێداوە (خويلد ونايلي، 2013: 20).

2- رەتکردنەوەی هاوسەرگیریی منداڵان/ ئەم ئاراستەیە پێی وایە کە هاوسەرگیریی منداڵان لە ئیسلامدا رێگەپێدراو نییە و ئەو کەسانەی کە بە ئایەتی ((وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ)) واتە ئەو کچانەی باڵق نەبووەنە بەڵگە دەهێننەوە بۆ رێگەپێدان بە هاوسەرگیریی منداڵان لە شەریعەتی ئیسلامدا بە هەڵە لەم ئایەتە تێگەیشتوون چونکە

مەبەستی ئەو منداڵانە نییە کە هێشتا باڵق نەبووە بەڵکو مەبەستی ئەو ئافرەتانەیە کە گەورەن و هێشتا سوڕی مانگانەیان بۆ نەهاتووە (الهلالی،2011). بۆیە پێویستە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە قەدەغە بکرێت و رەتبکرێتەوە، چونکە لە ئیسلامدا رازیبوون و قبوڵکردن یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی هاوسەرگیری، ئەم مەرجەش نایەتە دی لای ئەو کچانەی کە هێشتا منداڵن چونکە توانای بڕیاردانێکی تەندروستیان نییە لەسەر داهاتووی خۆیان. سەبارەت بە هاوسەرگیری پێغەمبەر لەگەڵ عائشە، پێیانوایە کە ئەو بابەتە تایبەتە بەو سەردەمەی کە پێغەمبەر تیایدا ژیاوە و رەنگدانەوەی ئەو کولتوورە باوەیە کە لەو سەردەمەدا لای عەرەب باو بووە و ناکرێ بگشتێندرێت لەسەر موسڵمانان لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە سەردەمی تەکنەلۆجیا و گۆڕانی هزری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان و هۆشیاربوونەوەی خەڵک لە بارەی زەرەر و زیانەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لە رووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و چەندین رووی ترەوە.

3- ئەم ئاراستەیە پێی وایە دەکرێت رێگە بە هاوسەرگیریی منداڵان بدرێت بەڵام بە مەرجێ توانای ئەو کچە بۆ هاوسەرگیری وەکو پرۆسەیەکی بایۆلۆجی گونجاو بێت (واتە توانای جەستەیی ئەو کچە بۆ هاوسەرگیری کردن)، بەپێی ئەم بۆچوونە، توانای جەستەیی کچەکە لە لایەن وەلی ئەمری ئەو کچە بڕیاری لەسەر دەدرێت، و دواتر رێگە دەدرێت بەو هاوسەرگیرییە (الجبار،2012، 6). بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە هەندێ لە شارەزایانی شەریعەتی ئیسلام پێیانوایە کە ئەمە وایکردووە زۆر جار شەرع وەکو ئامرازێک بەکاربێت بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم دیاردەیە بە بیانووی ئەوەی کچ

لەو تەمەنەدا بەرژەوەندی خۆی نازانێت و باوکی یان ئەو کەسەی کە وەلی ئەمرییەتی بۆی هەیە بە شووی بدات بەبێ ئەوەی ئیزنی لێ وەربگرێت، لە کاتێکدا کە مەرجی هاوسەرگیریکردن لە ئیسلامدا رەزامەندی هەردوولایە (الخشن،2013).

هەرچەندە تێکڕای ئەم بۆچونانە لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوانیان لەرووی بڕیاردان لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان و ئایا حەڵاڵە و شیاوە لە رووی شەرعەوە یان نا، جا هۆکاری ئەو جیاوازییە ئەگەر جیاوازی بێت لە تەفسیرکردنی ئایەتەکانی قورئان، یان لە تێگەیشتن لە واقعی کۆمەڵایەتی یان جیاوازی لە بەرژەوەندییەکان، یان بەهۆی ئەوەی کە لەرووی شەرعییەوە تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان جێی گومانە و بە ووردی و روونی دیاری نەکراوە، ئەم مەسەلەیە هێشتا جێی ناکۆکییە و بەشێک پێیانوایە کە لە رووی شەرعەوە جائیزە، بەڵام بەشێکی تر بە پێچەوانەوە پێیان وایە کە جائیز نییە، ئەم ناکۆکییە شەرعییەش دەبێتە هۆی مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە بە بێ ئەوەی بە رێگەپێدان یان قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی منداڵان یەکلا بکرێتەوە.

## هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

هاوسەرگیریکردن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە لە زۆرینەی کۆمەڵگاکاندا بە یەکێک لە ئامرازە بەهێزەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و دەبێتە هۆی ئارامی و سەقامگیری دەروونی و رۆحی بۆ تاک و خێزان، چونکە پێیانوایە کە هاوسەرگیری تاک دەپارێزێ لە لادان هەر بۆیە بە پرۆسەیەکی پەسەند و شیاو

دادەنرێت. شێوازەکانی هاوسەرگیری و تەمەنی گونجاو بۆ ئەم پرۆسەیە جیاوازە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگاکان، هاوسەرگیریی منداڵانیش یەکێکە لەو شێوازانەی کە لە هەندێ کۆمەڵگادا بە فۆرم و پاڵنەر و هۆکاری جیاواز پەیڕەودەکرێت.

لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا تەنانەت پێش تەمەنی پێگەیشتن (بالقبون) کچ بە شوودەدرێت چونکە پێیانوایە کە زوو بە شوودان لەرووی ئایینییەوە پەسەندە، و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی کچدا (لێرەدا شەرەف بەستراوەتەوە بە پاکیزەیی کچ)، هەروەها پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی پێ دەبەخشێ و ئەو کچانەی کە گەورە دەبن و هێشتا هاوسەرگیرییان نەکردووە دایک و باوکیان گوناهباردەبن و لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە پێگەیەکی نزمتریان دەبێت و تانەیان لێدەدرێت (الخوری،2008،ل200). بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە لە تێکڕای ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بانگەشە بۆ هاوسەرگیری دەکەن بە گشتی، هاوسەرگیریی منداڵیش بەهەمان شێوە پەسەند بکەن، بەڵکو ئەم پرۆسەیە بە هەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە و بە توندوتیژی دژ بە ژنان لەقەڵەمی دەدەن، چونکە زۆر جار بە بێ ویستی کچ دەکرێت و لەبەرامبەردا جەخت لەسەر دابین کردنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ پێگەیشتنی کچان لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زانستییەوە دەکەن پێش هاوسەرگیریکردن بە ئامانجی دروستکرنی تاکێکی تەندروست و خاوەن توانا، کە توانای پێکهێنانی خێزانێکی تەندروستی هەبێت و رۆڵێکی ئەرێنی هەبێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا (کەریم،2008،،98).

زۆرینەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرباری مانەوەی هاوسەرگیریی منداڵ لە کۆمەڵگاکاندا بە هۆکار و بارودۆخی جیاوازەوە کە ڕەنگە دواکەوتنی فیکری و هەژاری و نەزانی دیارترینیان بێت، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە دیاردەیەکی تەندروستە و ئاکامی باشی دەبێت بۆ سەر ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگە. زۆر جار هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفت بۆ خودی تاکەکە و هەروەها خێزانەکەی، وەکو تەڵاق و سەرگەردانی و لادانی منداڵان و تووشبوونیان بە چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی وەکو دزیکردن و سواڵکردن و بێئومێدی لە دواڕۆژ و شەڕانگێزی و زۆر کێشەی تر کە سەرئەنجام دەبێتە بارگرانییەکی زۆر بۆ کۆمەڵگە (عبد الرضا.2011).

هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕووی تەندروستییەوە کارێکی مەترسیدارە بە پلەی یەکەم لەسەر ژیانی خودی کچەکە و توانای جەستەیی بۆ بەرگەگرتنی پرۆسەی هاوسەرگیریکردن و دووگیانی و منداڵبوون. توێژینەوە پزیشکییەکان کۆکن لەبارەی مەترسییەکانی هاوسەرگیری کچان لەتەمەنی منداڵیدا بەتایبەت خوارووی 16 ساڵی، زۆربەی پزیشکان پێیانوایە کە ئەندامەکانی زاوزێی کچان لەم تەمەنەدا هێشتا کامڵ نەبووە بە شێوەیەکی تەواو بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگەی هاوسەرگیری و دووگیانی بگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوون بە چەندین مەترسی لە ماوەی هاوسەرگیری و دووگیانیدا وەکو نەخۆشییەکانی شەکرە و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و کەمخوێنی(الدویکات،2015)، هەروەها توێژینەوە زانستییەکان جەخت لەسەر ئاکامە نێگەتیڤەکانی هاوسەرگیریی

منداڵان لەسەر جەستەی کچان وەک منداڵ لەبارچوون و لەدەستدانی ئەندامی زاوزێ و منداڵبوون پێش تەواوکردنی ماوەی دووگیانی و نەزیفیی درێژخایەن کە دەبێتە هۆی مردن و زۆر ئاسەواری تر (خان،2009).

**هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا**

هاوسەرگیری پەیوەندییەکی رێکخراوە لە نێوان ژن و پیاودا، ئامانجی بنەڕەتی ئەم پەیوەندییە بریتییە لە دابین کردنی ئارامیی رۆحی و دەروونی بۆ هەردوو هاوسەر لە فەزا و چوارچێوەیەکی گونجاو و شیاو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کە مافی مەدەنی هەردوو لا پارێزراو بێت، ئەم پرۆسەیە بە تێپەڕبوونی کات دووچاری گۆڕانکاری دەبێتەوە لە رووی تەمەن و کات و شوێن و شێوازدا، ئەم گۆڕانکارییانەش کاردانەوەی پڕۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە و رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کولتووریی کۆمەڵگاکانە بەپێی پێداویستییە هەنوکەییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

هاوسەرگیریی منداڵان یەکێکە لە شێوازەکانی هاوسەرگیری لە کوردستاندا، کە لە ڕووی مێژوویییەوە تازە نییە و لەکۆنەوە بوونی هەبووە، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا، بوەتە مایەی رەخنە و پرسیار و رەتکردنەوە بە هۆی ئەو ئاکامە نەرێنییانەی کە لێیدەکەوێتەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەندروستی و یاسایی و پەروەردەییەوە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە زۆر بەشوودانی کچان شێوازێکی زۆر بەرچاوە لە شێوازەکانی هاوسەرگیری کە لە کۆنەوە هەبوە و تا ئێستاش بەردەوامە (بە فۆڕم و رێژەی جیاوازتر لەگەڵ جاران)، هاوسەرگیریی منداڵانیش هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەیە و

هێشتا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە و لای بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا پەسەندنەکراوە و پەیڕەوناکرێت. بەڵام لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە ناوچە خێڵەکییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، ئەم دیاردەیە کەمترین توێژینەوەی زانستی لەسەر کراوە، بۆیە زانیاری لەسەر ئەم بابەتە زۆر کەمن و زۆرینەی لایەنە پەیوەندیدارەکان باس لەوە دەکەن کە ئەم پرۆسەیە بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی و لەدەرەوەی فەرمانگە حکومییە فەرمییەکاندا ئەنجام دەدرێت، بۆیە کەمترین زانیاری و داتای واقیعی و راستەقینەی لەسەر دەستدەکەوێت لە کوردستاندا. سەرەڕای ئەوەش بەشێکی زۆر لەو کچانەی کە لەتەمەنێکی زۆر بچوکدا بەشوو دراون ئامادە نین بۆ لێدوان و چاوپێکەوتن و خستنەڕووی زانیاری لە ترسی تووشبوون بە کێشەی کۆمەڵایەتی، هەروەها دایک و باوکی ئەو منداڵانە ئامادە نین لێدوان بدەن چونکە پێیانوایە کە ئەمە مەسەلەیەکی خێزانی زۆر تایبەتە و دایک و باوک سەربەستن لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کچەکانیان و پێیانوایە کە شتێکی ناشەرعییان نەکردووە (ئایین و شەرع پشتگیرییان دەکات) بۆیە هیچ روونکردنەوە و لێدوانێک نادەن. ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر بوونەتە بەربەست لەبەردەم توێژینەوە لەم بابەتە و هەروەها داتا راستەقینەییەکان کە نیشاندەری فۆڕم و قەبارەی دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵانە لە کوردستاندا بە شاراوەیی بمێنێتەوە، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەکو حاڵەت وەسف بکرێت نەک وەکو دیاردە. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی ئەو کچانەی کە بە منداڵی و بەزۆر بەشوو دەدرێن دەگاتە 23% لە کوردستاندا و 4% لەم رێژەیە تەمەنیان

له 15 ساڵ کەمترە (ڕەشید،2015). هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لێک جیابوونەوە (طلاق) بە شێوەیەکی بەرچاو بە بەراوورد کردن لەگەڵ ساڵانی رابردوودا، ئەمەش لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری جیاواز کە هاوسەرگیریی منداڵان و نەبوونی توانا و شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی هاوسەرییەتی یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی (طارق،2015).

هەرچەندە لە رووی یاساییەوە بڕگەی (11)ی مادەی (7) لە یاسای باری شارستانی لە کوردستاندا، تەمەنی هاوسەرگیریی بە 18 ساڵ دیاری کردووە و هەر هاوسەرگیرییەک لە دەرەوەی دادگا شەرعییەکاندا و لە خوارووی 18 ساڵیدا بکرێت، بە سەرپێچی یاسایی دادەنرێت و سزاکەی لە بڕگە(5) مادەی (10) لە یاسای سزادان دیاری کراوە بە غەرامەی ماددی کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 3 ملیۆن زیاتر نەبێت، بەڵام هێشتا ئایین پاڵپشتیکی بەهێزە بۆ ئەم مەسەلەیە، لەپاڵ بەها و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە ئەمانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ زوو بە شوودانی کچان و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرپێچیکردنی یاسا بە شێوازی جۆراوجۆر بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، وەکو پەنابردن بۆ مەلا بۆ مارەبڕین یان تەزویرکردن و گەورەکردنی تەمەنی کچەکە بۆ ئەوەی لە دادگا عەقدی زەواجی بۆ بکرێت (النجار،2015). یاخود لای مەلا مارەی دەبڕن و چاوەڕێدەکەن کچەکە بگاتە تەمەنی یاسایی ئینجا لە دادگا عەقدی بۆ دەکەن، ئەمەش جۆرێکە لەو فرتوفێڵانەی لەم مەسەلەیەدا دەکرێت، بۆیە لە کوردستاندا زۆر کەس پێیانوایە کە هاوسەرگیریی منداڵان حاڵەتە نەک دیاردە، چونکە هیچ داتایەک نییە لەبارەی قەبارە ڕاستەقینەکەی.

## هۆکارەکانی هاوسەرگیریی منداڵان

هاوسەرگیریی منداڵان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چەندین هۆکاری هەیە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەکاندا، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و لەهەمان کۆمەڵگەشدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت هۆکارەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە (خضر،2016):

1- لاوازیی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری دایک و باوک و بەخێوکەر رۆڵێکی باڵای هەیە لە تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە، زۆر جار دایک و باوک هۆشیار نین دەربارەی ئاکامە خراپەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لەسەر کچەکەیان کە رەنگە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ژیانی هاوسەری نەبێت، سەرباری ئەو ئاکامە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە کچەکە دوچاریان دەبێتەوە، بۆیە بە بێ رەچاوکردنی ئەو ئاکامانە، کچەکەیان بە منداڵی بە شوو دەدەن.

2-هەژاری/ هەژاری رۆڵێکی زۆری هەیە لە تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە، دایک و باوک بۆ رزگاربوون لە ئەرکی بەخێوکردنی کچەکەیان لە تەمەنێکی بچوکدا بەشووی دەدەن، یاخود لەبەرامبەر دەسکەوتێکی ماددی لەئەنجامی بەشوودانی کچەکە بە کەسێکی دەوڵەمەند بە بێ گوێدان بە ئاکامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە و ئەگەری هەرەسهێنانی.

3-دابونەریتی کۆمەڵایەتی/ لە کۆمەڵگە خاوەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکاندا، زوو بەشوودانی کچ مەسەلەیەکی پەسەندکراوە کە پێیانوایە کچان دەپارێزێت لە لادان و کرداری

نەشیاو و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بەرزتری پێدەبەخشێت، هەروەها بە بەزوو بە شودانی کچ ئەو دڵەڕاوکێیەی کە لای خێزان دروست دەبێت لە ترسی تەشەنەکردنی دیاردەی قەیرەیی دەرەوێتەوە (شکری،1988: 156).

**میتۆدی توێژینەوە**

**میتۆدی چۆنایەتی**

لەهەر توێژینەوەیەکی زانستی دەکرێت زیاتر لە میتۆدێکی توێژینەوە بەکار بێت، ئەمەش بەپێی بابەتی توێژینەوەکە دەستنیشان دەکرێت نەک بە ئارەزووی توێژەر. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی(Qualitative method) بەکار هاتووە. ئەم میتۆدە پشت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نموونەی توێژینەوە هەروەها تێبینیکردنی کرداری لێتوێژراو دەبەستێت، ئەم میتۆدە هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە قوڵایی ئەو بابەتەی کە توێژەر توێژینەوەی لەسەر دەکات لە پێناو تێگەیشتن لە رەوش وهۆکار و ئاسەوارەکانی ئەو دیاردەیە بە پشت بەستن بە راوبۆچوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە (الغزوی،2004: 89). تایبەتمەندی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە ئیش لە گەڵ وشە دەکات بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتی کە ئیش لە گەڵ ژمارە دەکات و داتاکانی ئەم میتۆدە زیاتر وەسفین بەو واتایەی پشت بە وەسف کردنی دیاردەکان دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ووشە، خاڵێکی تری گرنگیش ئەوەیە کە ئەنجامدانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە پێویستی بە گریمانە نیە لەبەر ئەوەی داتاکان بۆ سەلماندن یان ڕەت کردنەوەی گریمانە بەکار

ناهێندرێن و هەروەها ئەم میتۆدە زیاتر کار لەگەڵ ئامرازەکانی وەک تێبینی کردن و چاوپێکەوتن دەکات (ملحم،200: 41).

**کۆکردنەوەی داتاکان**

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەسەر دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا و پەیوەندی بە کولتوور و ئایینەوە و دیاریکردنی ئاسەوارەکانی لەسەر تاک وکۆمەڵگەدا، پشت بە چاوپێکەوتن بەستراوە. چاوپێکەوتن بریتییە لە ئاخاوتنێکی راستەوخۆ لە نێوان توێژەر ولێتوێژراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری گرنگ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە و بە مەبەستی دەستنیشان کردن و ئاراستە و دواتر چارەسەرکردن (عبدالمؤمن، 2008: 247). چاوپێکەوتن چەند جۆرێکە، جۆری چاوپێکەوتنی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە واتە دیاریکردنی ژمارەیەک پرسیار سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، لەهەمان کاتدا توێژەر ئازاد دەبێت لە ئاراستەکردنی پرسیاری تریش کە بە باش وگونجاوی دەزانێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت (عمر، 2011: 272). ئەمەش بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو بابەتە بەڵام پێویستە توێژەر وریا بێت و لێتوێژراو لەکاتی دەرچوون لە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە ئاگادار بکاتەوە و کۆنترۆڵی چاوپێکەوتنەکە بکات (بو ضرغم، 2000: 73).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە، نموونەی توێژینەوەکە کە نموونەیەکی مەبەستدارە بریتییە لە (14) کەس کە

بەم شێوەیە دابەشکراون (7) کەسیان لەو ئافرەتانەن کە لەتەمەنی خوارووی 15 ساڵ بەشوودراون و ڕازی بوونە کە ببنە نموونەی توێژینەوەکەمان، هەروەها (7) کە 2 کەسیان شارەزان لە بواری شەریعە، 1 توێژەری کۆمەڵایەتی و1 شارەزا لە بواری مافەکانی مرۆڤ، 2 شارەزا لە یاسا و 1 پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان ومنداڵبوون.

**ئەنجام وگفتوگۆی توێژینەوە**

**تەوەری یەکەم**

**کاریگەرییەکانی کولتوور لەسەر دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا**

کولتووری باو لە کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی دیار و ڕاستەوخۆی هەیە لە بەزۆر بەشوودانی کچان لە تەمەنی منداڵیدا بە تایبەت ئەوانەی لە 18 ساڵ کەمترن، ئەمەش بە هۆی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییە بۆماوەییەکان کە بە بیانووی جۆراوجۆر کچ بە زۆر و لەمنداڵییەوە بە شوو دەدەن (خضر،2016). هەندێ جار باوک کچە منداڵەکەی بەشوو دەدات بۆ ئەوەی خۆی لە قەیرانێکی دارایی رزگار بکات، ئەمەش جۆرێکە لە بازرگانیکردن بە جەستەی پێنەگەیشتووی ئەو منداڵە ئەگەرچی پاساوێکی شەرعیشی بۆ بهێنێتەوە، چونکە بیر لە ئاکامە دەروونی و جەستەیی وکۆمەڵایەتییە نێگەتیڤەکانی لەسەر ئەو منداڵە ناکاتەوە (القاسم،2009)، هەروەک چۆن نموونەی یەکەم دەڵێت: "پیاوەکەم دوای ئەوەی ئیفلاسی کرد، بڕیاری دا کچە گەورەکەم کە تەمەنی تەنها 11 سالە بە شووی بدات لە بەرامبەر پارەیەکی زۆر، من زۆر لێی پاڕامەوە بەڵام هیچ سوودی نەبوو

ووتی ئەوە کچی خۆمەو حەقی خۆمە چی لێ دەکەم  و دەیدەم بە کێ ئەگەر ڕێگریم لێ بکەی تەڵاقت دەدەم و دەربەدەرت دەکەم"، لەم کولتوورەدا کچ دەکرێت بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی تاکەکەسی ئەو کەسەی بڕیاری لەدەستدایە، بۆیە بە بێ ڕەچاوکردنی ویستی کچەکە و توانا جەستەیی و ئامادەیی دەروونی لە تەمەنی منداڵیدا بەشوو دەدرێت.  لە بەشێکی زۆریش لە کۆمەڵگاکاندا کچان بە منداڵی بە شوو دەدرێن و لە خوێندن و ماقی ژیانیکی تەندروست بێ بەش دەکرێن بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و عەشائیرییەکانی وەکو کوشتنیان پێ بکرێت، هەروەها بۆ چارەسەری کێشەی ئابووری خێزان و زەوت کردنی مارەیی کچە منداڵەکە کە هێشتا پێ نەگەیشتووە (مروکل،2013)، لەمبارەیەوە نموونەی دووەم دەڵێت: "من کچی خێزنێکی زۆر هەژارم و خۆشک و برام زۆرە، هەتا منداڵ بووم هەر سەرکۆنەمیان دەکرد بەوەی کە کچم و بارگرانیم لەسەر خێزان، کە تەمەنم بووە 12 ساڵ بەمێردمیان دا بۆ ئەوەی بە پارەی مارەییەکەی من بژین و خۆتان باش دەزانن لە کوردەواریدا ئەم مەسەلەیە هەیە، کچ بەس بۆ چارەسەری کێشە وگرفتەکان باشە"، لێرەدا کێشەی ئابووری دەبێتە پاڵتەر بۆ بەشوودانی کچ لەتەمەنی منداڵیدا بێگومان ئەمەش بە پاساوی ئەو کولتوورە کە ڕیگە بە باوک دەدات کچەکەی وەکو کاڵایەک بەکاربهێنێت بە بێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکانی ئەم هەنگاوە بکاتەوە، ئەوەی ڕێگە بۆ ئەم کردارەش خۆش دەکات ئەو کولتوورەیە کە دەسەڵات دەداتە باوک بۆ مامەڵەکردن بە کچەکەی چونکە یەکێکە لە مۆڵکە تایبەتییەکانی. نموونەی  سێیەم دەڵێت: "لەبەر ئەوەی برایەکم بەهەڵە پیاوێکی کوشت، خێزانی کوژراوەکە سوور بوون لەسەر

کوشتنی براکەم بەرامبەر خوێنی کوڕەکەیان، بەڵام بە سوڵحی عەشایەری کە لە گوندەکەی ئێمە باوە، رازی بوون بەوەی عەفوی بکەن بەرامبەر ئەوەی ژنێک و بڕێ پارەی زۆر وەربگرن، ئیتر بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە منیان بە مێردداو ئەو کات تەمەنم 14 ساڵ بوو"، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە کەسێکی تر ئەنجامی داوە، کچ لە بری تاوانبار باجی ئەو تاوانە دەدات کە هیچ گوناهێکی تێدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە کچە و لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە وەکو کاڵا سەیر دەکرێت، لەئەنجامدا دەبێتە قوربانی ئەو کولتوورە کە کچان دەکاتە ئامراز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی. نموونەی چوارەم دەڵێت: "ئێمە خێزانێکی مامناوەندین، بۆ ئەوەی برا گەورەکەم کە بە بۆچوونی دایک و باوکم زۆر دواکەوتووە لە ژنهێنان و تەمەنی بووەتە 25ساڵ و ناتوانن ژنی بۆ بهێنن، منیان بە مێرد دا و بە پارەی مارەییەکەی من ژنیان بۆ براکەم هێنا"، لێرەدا دەبینین کچ تاکە کاڵای بە نرخی خێزانی هەژارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و باجی هەژاری خێزانەکەی دەدات و دیسان دەکرێتە قوربانی و مامەڵەی پێوە دەکرێت. نموونەی پێنجەم دەڵێت: "باوکم بۆ ئەوەی ژنێکی تر بۆ خۆی بهێنێ منی بە 14 ساڵی بە مێرد دا (ژن بە ژن) دایکیشم نەیتوانی ڕێگری لێبکات نە لە ژنهێنان نە لە بەشوودانی من چونکە تەهدیدی کرد بە تەڵاق و لەماڵ دەرکردن"، سەرباری ئەوەی کە کچ دەکرێتە قوربانی حەزەکانی باوکی، دایکیشی کە خۆی قوربانی ئەو حەزەیە توانای رزگارکردنی کچەکەی نییە لەم کارەساتە چونکە ئەویش وەک کاڵا سەیر دەکرێت. (أ.أ.ف) توێژەری کۆمەڵایەتییە و دەڵێت: "کولتووری باو لە کۆمەڵکەی کوردی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەم

دیاردەیە،وهەر کولتوریشە کە وا دەکات بە شاراوەیی بمێنێتەوە. لە کولتووری کوردیدا کچ وەکو کاڵا سەیر دەکرێت، جا ئیتر بۆ ئەوەی زوو لەکۆڵ بکرێتەوە و بەشوو بدرێت، یان بۆ سوڵحی عەشایەری بەکاربێت یان لە منداڵییەو و جار جار لە ناو لانک مارەی ببڕێت گەورە بە بچووک و ژن بە ژنی پێ بکرێت، ئەمانە هەموویان رەنگدانەوەی کولتووری پیاوسالارییە کە ئافرەت بە بوونەوەرێکی ژێردەستە و لاواز دادەنێت و بە هەوەسی خۆی مامەڵەی پێوە دەکات"، ئەمەش ئەوەمان بۆ دوپات دەکاتەوە کە رەگەزی مێینە کاڵایەکە کە خێزان و بەتایبەت باوک بۆی هەیە مامەڵەی پێوە بکات بە بێ گوێدان بە حەز و ویست و ئیرادەی. (م. ح. ک) شارەزا لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: "کولتووری باو لە کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی نیگەتیڤ دەروانێتە مرۆڤبوون بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەت ئافرەت و مەسەلەی بە زۆر بەشوودانی کچان بەتایبەت لە خوار تەمەنی یاسایی لە کوردستاندا باوی هەبە بەڵام بۆیە ناتوانرێت رێژە و قەبارەکەی دیاری بکرێت چونکە زۆرینەی خێزانەکان پێیان وایە کە ئەوان دەتوانن بەئارەزووی خۆیان بە شووی بدەن و زیاتر بەرژەوندی ئەو دەزانن، هەرچەندە ئەمە تەواو پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە بەڵام کولتوور ئەو دەسەڵاتە بە دایک و باوک دەدات". بەزۆر بەشوو دان لەم کولتوورەدا بە مەسەلەیەکی خێزانی دادەنرێت ولەناوخۆی خێزانەکەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت بە پاساوی ئەوەی کە خێزان بەرژەوەندی ئەو کچە منداڵە باشتر دەزانێت لە خودی خۆی. بەشێکی زۆر لە کولتوورە نەریتیەکاندا بە شیوەیەکی زۆر نەرێنیی سەیری کچ دەکەن هەر لەسەرتای لەدایکبونییەوە، ئەمەش وا دەکات هەمیشە هەست بە بارگرانی بەخێوکردنی ئەو کچە بکەن

چ له ڕووی ئابووری یان کۆمەڵایەتی، بۆیه هەمیشه کار بۆ ئەوه دەکەن کچەکانیان لەتەمەنی منداڵیدا زوو به شوو بدەن بۆ ئەوەی رزگار بن لەو بارگرانییه و بکەوێته ئەستۆی مێرد (شحاده، 2015)، وەک نموونەی حەوتەم دەڵێت: "من هەر له منداڵییەوه باوکم دەیگوت کچ هەر بارگرانییه وکێشەیه بۆ خێزان و چەند ساڵ بەخێو بکرێت دوای هەر مێرد دەکا و دەچێته ماڵی خۆی، جا زوو به مێرد بدرێ باشتره، بۆیه له تەمەنی 13 ساڵیدا بەمێردمیان دا"، بەخێوکردنی کچ ئەرکێکی گرانه لەسەر خێزان چونکه کچ بەرهەمی نییه له رووی ئابوورییەوه هەروەها له رووی کۆمەڵایەتییەوه بهرپرسیارییەتی پاراستنی شەرەفی کچ له ئەستۆی خێزانه ئەمەش باریان قورستر دەکات بۆیه زوو به شووی دەدەن. هەندێ جار ترس له قەیرەیی یان چاولێکەری دەبێته هۆی ئەم دیاردەیه به تایبەت لەوخێزانانەی که باوەڕیان به کارکردنی ئافرەت نییه وهەر له منداڵییەوه بیرۆکەی شووکردن له مێشکی دروست دەکەن تەنها چونکه کچه و پیشەی ئەو خزمەتکردنی ماڵ ومنداڵه (غزالی،2017). هەروەک چۆن نموونەی شەشەم دەڵێت: "من خۆم حەزم دەکرد مێرد بکەم چونکه کچ هەر دەبێ مێرد بکات و بچێته ماڵی خۆی، ئیتر ئەو کوڕەی خۆشم دەویست هاته داخوازیم، بەڵام که باوکم و براکانم زانیان من پێم خۆشه و عیلاقەم هەبووه لەگەڵی رازی نەبوون بمدەن، ئیتر دامیان به پیاوێکی تر زۆریش له خۆم گەورەتر بوو، چونکه لای ئێمه ئەگەر بزانن عیلاقەی لەگەڵ کوڕەکه هەیه ئەگەر بمرێت نایدەن بەو کوڕە"، مەسەلەی زوو بەشوودان له هزر ومێشکی خودی ئەو کچەش گەلاڵه دەکات و خودی خۆشی خۆی به کاڵا دەزانێت و پێی وایه که دوارۆژی ئەو هەر شووکردنه، بەڵام تەنانەت که باوەڕیشی

به زوو شووکردن بوو مانای ئەوە نییە بتوانێت بە ویستی خۆی شوو بەو کەسە بکات کە دەیەوێت چونکە ویستی نەک تەنها حیسابی بۆ ناکریت، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی سزادانی و بەزۆر بە شوودانی. لەسەر ئەم بنەمایە، دەتوانیین بڵێین کەوا هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا  بە شیوەیەکی توند کاریگەری کولتووری باوی پێوە دیارە، بێگومان ئەمەش باکگراوندیکی کولتووری تری لە پشتە کە ئەویش  کولتووری پیاوسالارییە کە خاوەن ئەو تێڕوانینە لاواز و نەرێنییەیە کە بۆ ئافرەت دەکرێت و تەنانەت لەرووی بە مرۆڤبونیشەوە پلەی لە پیاوان نزمترە، لەبەرامبەر ئەوەدا، دەسەڵاتی پیاو بەسەر ئافرەتدا بەرفراوانتر دەکات، بۆیە خێزانەکان بە گشتی و باوک بە تایبەتی زۆر جار وەکو کاڵایەک دەروانیتە کچەکەی و پێی وایە کە خۆی خاوەنییەتی نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن  ماف و حەز و ویست و ئیرادە، بۆیە بە ئازادی  و بە ئارەزووی خۆی مامەڵەی پێوە دەکات و بڕیار دەدات لەسەر بەشوودانی  لەتەمەنییێکی منداڵیدا (تەنانەت کەمتر لە 16 ساڵی) بە پاساوی جۆراوجۆر و بە پاڵپشتی بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان کە زۆر جار ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆیە سەرباری ئەوەی کە کچ بەو شێوە لاوازە سەیر دەکرێت لە هەمان کاتدا دەبێتە باشترین و ئاسانترین ئامراز بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو دووفاقییە دوپات دەکاتەوە کە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ کچان هەیە چونکە ئەو بوونەوەرە  کە بە بۆچوونی ئەوان لاوازە و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی خۆی نییە، دەبێتە گرنگترین ئامراز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. جێی ئاماژەیە کە شێوازی

پەروەردەکردنی کچان  لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر جار لەسەر بنەمای ترس و شەرم وگوێڕایەڵی و بێ دەنگی وملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی خێزان دەبێت، بۆیە کەسایەتییەکی لاوازی لێدەردەچێت کە کەمترین ئاستی باوەڕبەخۆبوون و دواتر بڕیاردانی دەبێت، تەنانەت خودی کچیش بە هۆی ئەو پەروەردە نەرێنییەوە ئەو بۆچوون و تێڕوانینە لاوازە بەرامبەر بە خۆی لە مێشک وهزریدا گەڵاڵە دەکات و زۆر جار وەکو کاڵایەک دەڕوانیتە خۆی و باوەڕ بەوە دەهێنێت کە باشترین وگونجاوترین شوێن بۆ کچ هەر ماڵی مێرد ومنداڵ بە خێوکردنە. تێکڕای ئەم هۆکارانە کە سەرچاوەیان کولتوورە و شێوازی پەروەردەکردنە دەبنە پاڵنەر بۆ بەزۆر بەشودانی کچان لە تەمەنی منداڵییدا، هەروەها هەمان کولتوور دەبێتە چاودێرێک بۆ هێشتنەوەی ئەم دیاردەیە وهەروەها پاڵپشتی کردنی بەهەر پاساوێک بێت، چونکە لەسەر بنەمای بێ دەسەڵاتی ولاوازی مێینە وەکو بوونەوەرێکی لاواز لەم کولتوورەدا دروست دەبێت.

**تەوەری دووەم**

## کاریگەری ئایین لەسەر دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا

لە رووی شەرعی ئیسلامەوە هاوسەرگیریی منداڵان بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرێت چونکە تەمەنێکی دیاری کراو بۆ هاوسەرگیریکردن دانەنراوە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە بەپێی پێگەیشتن و بالقبوونەوەیە و چەند مەرجێکیتری وەکو رەزامەندی و ئاشکراکردن و دوو شاهید هەروەها بەخێوکار کە دەسەڵاتی بەشودانی هەبێت،

بەڵام تەمەن نەکراوەتە مەرج بۆ ئەم هاوسەرگیرییە (الأهوانی، 2014). هەروەک (ف.ع.س) شارەزا لەبواری شەریعەتی ئیسلامیدا دەڵێت: "هاوسەرگیری لە ئایینی ئیسلامدا بەشێوەیەکی گشتی شتێکی زۆر باشە و شەرع هانیدەدا بۆیە هیچ تەمەنێکی دیاری نەکردووە بۆ بەشوودانی کچان بەڵام مەرجە بالق بێت ئینجا بەشوو بدریت جا تەمەنی بالقبوونیش لە کچێکەوە بۆ کچێکی تر جیاوازە بۆیە ئەو دەسەڵاتە دراوەتە بەخێوکاری کچەکە کە بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئەو کچە توانای هەیە یان نا". شەرعی ئیسلام هیچ تەمەنێکی دیارینەکردووە بۆ بەشوودانی کچان بەڵام مەرجی باڵقبوونی داناوە، تەمەنی باڵقبوونیش بەپێی سەرچاوە زانستییەکان لە نێوان 10–14 ساڵە کە لەو ماوەیەدا کچ وردە وردە لەرووی بایۆلۆجییەوە و دواتر لەرووی دەروونی وکۆمەڵایتیشەوە گەشە دەکات، واتە باڵقبون وگەشەکردن پرۆسەیەکی کتوپڕ نییە بەڵکو بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت بۆیە ناکرێ تەنها باڵقبوون بکریتە مەرج بۆ پێگەیشتن و بەڵکو یەکێکە لە نیشانەکانی. بەشێک لە شارەزایان پێیانوایە بەشوودانی کچ لەتەمەنی منداڵیدا وەکو ئامرازێک بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسی ئەو کچە حەڵاڵکراوە لەرووی شەرعەوە، ئەگەر خراپیش بوایە خوا ڕێگەی پێنەدەدا، بۆیە لە فەرموودەکانیی پێغەمبەریشدا هاتووە: "یا معشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج"، واتە ئەی گەنجان هەر یەکێکتان توانای ماددی و جەستەیی هەیە بۆ هاوسەرگیری با بیکات چونکە لە لادان وکاری خراپ دوورتان دەخاتەوە بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لێ بکرێت چونکە شەرعی خودایە (الفوزان،؟). هەروەک چۆن (ج.ن.گ) مامۆستای شەریعە دەڵێت: "لەشەریعەتدا

هیچ تەمەنێک دیاری نەکراوە بۆ بەشوودانی کچ بەڵکو بالقبوونی ئەو کچە کراوەتە مەرج، شەرع بۆیە هانی زوو بە شوودانی کچان دەدات چونکە ئەو پرۆسەیە دەبێتە مایەی پارێزگارکردن لە شەرەف و ناموسی ئەو کچە و دووری دەخاتەوە لە لادان وکاری خراپ، بەڕای منیش ئەمە شتێکی زۆر باشە بە تایبەت لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە ئەوەندە لادان و فرت وفێڵ و خراپەکاری و بێ ئەخلاقی بڵاوبووەتەوە لە کوردستاندا کە زوو بەشودان دەتوانێت رێگەیان لێ بگرێت". لێرەدا دەبینیین ئەم هاوسەرگیرییە کراوەتە ئامرازێک بۆ پاراستنی شەرف، واتە هەندێ خەڵک پێیانوایە کە کچ ئەگەر زوو بە شوو بدرێیت ئەوا تووشی لادان نابێت، واتە هاوسەرگیری بۆ رێگەگرتنە لە لادانی ئەخلاقی.

هەندێ جار باوک زیاتر بایەخ بەوە دەدات کە ئەم مەسەلەیە حەڵاڵە یان حەرامە بە بێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکانی لەسەر منداڵەکەی بکاتەوە، بۆیە هەمیشە شەرع دەکاتە بەڵگە بۆ کردارەکەی خۆی کە زۆر جار لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێی پرسیار و رەخنەیە (المنصوري، 2014). هەروەها شەرع دەبێتە پەردەیەک کە نەک تەنها نهێنییەکانی ئەم دیاردەیە و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی دادەپۆشێت، بەڵکو رێگەی بۆ خۆش دەکات بۆ دەستدرێژی سێکسی بەرامبەر کچان لەژێر پەردەیەکی شەرعیدا (رشید،2015)._هەروەک نموونەی یەکەم دەڵێت "کە پیاوەکەم بڕیاری دا کچەکەم بە شوو بدات بە 11 ساڵی زۆر پێم ناخۆش بوو و زۆر رێگریم لێ کرد بەڵام ووتی هیچ منداڵ نییە و گەورە بووە و شەرع حەڵاڵی کردووە و مەلا مارەی دەبڕێ بۆیە بە شووی دەدەم ئەگەر تۆش زیاتر رێگریم لێ بکەی دەتوانم ژنیشت بەسەر بهێنم"، لێرەدا شەرع

چەکێکە بەدەستی باوکەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی و چەکێک بۆ کۆتایهێنان بەهەر کۆسپێک کە ڕێگری لێبکات بۆ بەشوودانی کچە منداڵەکەی.

ئەگەرچی لەڕووی شەرعییەوە مەسەلەی هاوسەرگیری جێی ناکۆکییە ویەکلا نەبوەتەوە کە ڕێگە پێدراوە یان نا، بەڵام تا ئێستا و زۆر بە ئاسانی شەرع ڕێگا بۆ ئەم هاوسەرگیرییە خۆش دەکات، هەوەها خەڵکیش زیاتر بایەخ بە رووی شەرعی دەدەن نەک رووەکانی تر بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی و بۆچونەکانیاندا گونجاو بێت. دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا زۆر بە زەقی کاریگەری ئایینی پێوە دیارە، بەڵکو دەتوانیین بڵێین ئایین کلیلێکە بۆ پێشێل کردنی یاسا و شەرعییەت دان بەم هاوسەرگیرییە، ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی تاکی وکۆمەڵایەتیدا ولە پرۆسەی هاوسەرگیری بە گشتی و هاوسەرگیریی منداڵان بە تایبەتی. بۆیە هاوسەرگیریی منداڵان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری شەرعەوە، چونکە شەرع دەسەڵاتی بەشوودانی ئەو کچە منداڵەی داوەتە وەلی ئەمری کچەکە. لەمبارەیەوە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا هاتووە: "الثيب احق بنفسها والبكر يستأمرها ابوها في نفسها واذنها صمتها"، واتە ئەو کچەی گەورەیە پێویستە بە رەزامەندی خۆی شووبکات، بەڵام ئەوەی منداڵە  دەسەڵاتی بە شوودانی لەدەست وەلی ئەمرییەتی چونکە ئەو باشتر بەرژەوەندی کچەکە دەزانێت و پێویستە کچەکە بێ دەنگ بێت. بۆیە ئایین دەبێتە ڕێگەیەک بۆ شەرعییەتدان بەو تاوانەی بەرامبەر بە منداڵان لە ڕەگەزی مێینە دەکرێت و بێ بەشیان دەکات لە ژیانێکی ئاسایی و تەندروست

وهەر لە منداڵییەوە دەخرێنە ژێر ئەو بارە قورسەوە، هەروەها دەبنە قوربانی نەزانی کەس وکاریان و بێباکییان بە دوارۆژی منداڵەکانیان بە پاساوو و بیانوی شەرعەوە کە هیچ تەمەنێکی دیاری نەکردووە بۆ هاوسەرگیریکردن و هەروەها دەسەڵاتی داوەتە وەلی ئەمری کچەکە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی بەشووی بدات چونکە بەپێی شەرع بڕیاردان لەسەر توانای ئەو کچە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەسەڵاتی ئەودایە، ئەمەش وادەکات زیاتر لەسەر تێگەیشتن و باوەڕ و بەرژەوەندییەکای خودی خۆی بڕیار بدات نەک لە سەر بنەمای توانا و و بەرژەوەندی منداڵەکە. هەر لەو پێناوەدا یاسای هاوسەرگیری پێشێل دەکەن و پەنا بۆ شەرع دەبەن لەمبارەیەوە.

**تەوەری سێیەم**

**ئاکامەکانی هاوسەرگیری مندالان لەسەر تاک وکۆمەڵگە**

ڕەنگە هاوسەرگیریی منداڵان یەکێک بێت لەو بابەتە دەگمەنانەی کە زۆربەی هەرە زۆری شارەزایان و توێژەران لە بوارە مرۆییە جیاجیاکاندا کۆکبن لەسەر ئاکام و ئاسەوارە نێگەتیڤ و خراپەکانی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە. ئاکامەکانی هاوسەرگیریی منداڵان زۆر لەوە زیاترن کە پێشبینی بکرێن، وەکو کوشتنی دونیای تەمەن 15 ساڵ لە لایەن مێردەکەیەوە کە تەمەنی 45 ساڵە، ئەم کارەساتە زۆرترین کاردانەوەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا و بووە مایەی ئەوەی کە تهنانەت دەزگا شەرعییەکانیش داوای دەستگیرکردنی ئەو مەلایە بکەن کە مارەی بڕیوە (صلاح الدين، 2014).

لە ڕووی تەندروستییەوە هاوسەرگیریی منداڵان زۆر جار دەبێتە هۆی لە دەستدانی توانای منداڵ بوون بە هۆی ئەو

بارگرانییەی کە دەکەوێتە سەر ئەندامی جەستەی پێنەگەیشتووی ئەو منداڵە (الحربی، 2010) و لەبەر ئەوەی ئەندامی جەستەی ئەو منداڵە هێشتا قەبارە بچووکە و بەتەواوی پێنەگەیشتووە ناتوانێت بەرگەی بارگرانی پەیوەندی سێکسی و دووگیانی و منداڵ بوون بگرێت، بۆیە زۆر جار دەبێتە هۆی مردنی منداڵ یان تووشبوون بە کەم ئەندامی یان لەدەستدانی رەحمی ئەو کچە و رەنگە زۆرجار بگاتە ئاستی مردنیش (درویش، 2014)، هەروەک چۆن نموونەی سێیەم دەڵێت: "هەر لە شەوی یەکەمی هاوسەرگیریمەوە زۆر باری تەندروستیم تێک چوو و تووشی نەزیف بووم، دوای چارەسەرکردن بۆ ماوەی یەک هەفتە و گەڕانەوەم بۆ ماڵی پیاوەکەم، ئەمجارەیان زۆر بەسەختی نەزیفبووم، لەئەنجامدا رەحمیان دەرهێنام، ئێستا تەمەنم 15 ساڵە وکەمئەندامم". لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە یەکێکە لە ئاسەوارەکانی ئەم هاوسەرگیرییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ئەندامە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە هێشتا ئامادە نییە بۆ نواندنی ئەرکی خۆی و دەبێتە بارێکی قورس لەسەری، هەروەک چۆن (م.ج.و) پزیشکی پسپۆری ئافرەتان دەڵێت: " ئەندامی زاوزێی کچان بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگەی پەیوەندی سێکسی و دووگیانی ومنداڵبوون بگرێت پێویستە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە کامڵ بێت و بەهێز بێت، ئەمەش مەحاڵە لای کەمی کەمتر لە 16 ساڵ روودات، ئەگەر رووشبدات ئەوە زۆر دەگمەنە کە بتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەندی سێکسی بکات و دووگیان بێت ومنداڵی ببێت بە بێ ئەوەی زەرەر و زیانی جەستەیی گەورەی پێ بگات وەکو دڕانی رەحم و نەزیف ومنداڵ لەبارچوون. زۆر جاریش دەبێتە هۆی مردن چونکە بەرگەی منداڵبوون ناگرێت ". لە رووی پزیشکییەوە ئەندامی

جەستەی کچانی منداڵ بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان لە 14 ساڵ کەمترە لە ڕووی باپۆلۆجییەوە زۆر دەگمەنە بتوانێ بەرگەی پرۆسەی هاوسەرگیری بگرێت چونکە هێشتا جەستە بچووک و لاواز و ناسکە، ئەگەر هات و بەرگەشی گرت، ئەوا رەنگە لەکاتی منداڵبووندا تووشی چەندین کێشە بێت و بگاتە مردن.

لە ڕووی دەروونییەوە، ئەو کچانەی لەتەمەنی منداڵیدا بەشوو دەدرێن زۆر جار تووشی بارێکی دەروونی زۆر خراپ دەبن هەروەها تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن بەهۆی منداڵیی وکەم ئەزموونی و ئەو شۆکەی لە ئەنجامی هاوسەرگیری و پەیوەندی سێکسی تووشی دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی نەگونجان لەگەڵ ئەو بارە نوێیە و رەنگە پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن (محمد، 2014) هەروەک چۆن نموونەی یەکەم دەڵێت: "کچەکەم هەڵات و پەنای برد بۆ ماڵی مامی بۆ ئەوەی رزگار بێت لەم زەواجە، هیچ سوودی نەبوو چونکە باوکی هێنایەوە و بەزۆر بە مێردی دا، دوای 3 هەفتە لە مێردکردنی خۆی سوتاند ومرد"، خۆسوتاندن بۆ دەربازبوون لەم هاوسەرگیریە یەکێکە لە ئاکامەکانی هاوسەرگیری منداڵان، خراپی باری دەروونی دەبێتە پاڵنەر بۆ خوکوشتن چونکە لەم حاڵەتەدا قوربانی هیچ چارەسەرێک نابینیتەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخی خۆی، بۆیە بەناچاری خۆی دەسوتێنێ و لەئەنجامدا گیان لەدەستدەدا. هەروەها نموونەی چوارەم دەڵێت: "هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی لەگەل ئەو پیاوە بحەوێمەوە و زۆر لێی دەترسام زۆریش لە من گەورەتر بوو بۆیە زیاتر لە جارێک هەوڵی خۆکوشتنم دا بۆ ئەوەی نەجاتم بێت لەو ژیانە تاڵە، بەڵام سەری نەگرت"، ئەو بارە دەروونییەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی، رەنگە زۆر بە هێز بێت بە شێوەیەک کە

مرۆڤ کردارێک بنوێنێت کە هەرگیز پێشبینی نەکردووە وەکو خۆکوشتن بۆ ئەوەی رزگاری بێت لەو بارودۆخە خراپ و گرانە کە هەستی پێ دەکات، بەڵام سەرنەکەوتن لە هەوڵی خۆکوشتندا باری دەروونی خراپتر دەکات و وای لێ دەکات دووبارە هەوڵی خۆکوشتن بداتەوە.

بەهۆی نەبوونی هاوسەنگی لەرووی تەمەن و زۆر رووی ترەوە لە هاوسەرگیریی منداڵاندا، زۆر جار ناکۆکی و ناتەبایی و نەگونجان دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکجیابوونەوە و تەڵاق (رباتی، 2004، 154)، هەروەک نموونەی شەشەم دەڵێت: " لەبەر ئەوەی منیان نەدا بەو کەسەی خۆشم دەویست و بە زۆر دامیان بە کەسێکی تر، نەگونجاین بەیەکەوە و دوای ساڵێک هەر خۆی تەڵاقمی دا" ئەو نەگونجانە کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دروست دەبێت لە نێوان ژن ومێرددا زۆر جار دەگاتە رێگەیەکی داخراو و لە ئەنجامدا بە تەڵاق تەواو دەبێت. نموونەی پێنجەم دەڵێت: "باوکم بۆ ئەوەی ژن بۆ خۆی بهێنێ منی بە مێرد دا، ژنە تازەکەی کە ئەویش زۆر لە باوکم منداڵتر بوو لەگەڵی نەگونجا و داوای تەڵاقی کرد، ئیتر منبش تەڵاق درام"، جیاوازی لە تەمەن رەنگە یەکێک بێت لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی تەڵاق لەم جۆرە هاوسەرگیرییە چونکە زۆرینەی ئەو کچانەی بە منداڵی بە شوو دەدرێن بە کەسانێک کە زۆر لە خۆیان گەورەترن، جا چ لەسەر داوای کچەکە بێت یان نا، لە کۆتاییدا دەگاتە تەڵاق. هەروەک چۆن (ن.ص.ی) توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "هاوسەرگیریی منداڵان هەمیشە دیاردەیەکی نیگەتیڤە و ئاکامی خراپی بەدواوەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە لە تەمەن و ئەزموون و

زۆر لایەنی تر لە نێوان ئەو دوو کەسەی کە هاوسەرگیری دەکەن و سەرئەنجام دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان و تەڵاق".

هاوسەرگیریی منداڵان مەترسییەکی گەورەیە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، هەروەها پێشێلکردنی یاسایە بۆ ئەنجامدانی ئەو هاوسەرگیرییە، زۆر جار قوربانییەکە هەموو شتێک لە دەستدەدات چونکە هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نییە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆی وهەروەها تۆمارکردنی منداڵەکانی لە دەزگا فەرمییەکاندا (خمیس، 2014) "، هەروەک چۆن نموونەی دووەم دەڵێت "لەبەر ئەوەی پیاوەکەم ژنێکی تری هەبوو و منیش منداڵ بووم بۆیە عەقدی مەحکەمەم نەبوو، دوای ئەوەی 3 منداڵم بوو پیاوەکەم نەخۆش کەوت ومرد، ئێستا تەمەنم 17 ساڵە و خاوەن 3 منداڵی بێ ناسنامەم"، هۆکاری نەبوونی بەڵگەیەکی یاسایی کە هاوسەرگیرییەکەی پشتڕاست بکاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشێل کردنی یاسا لە دوو رووەوە یەکەمیان ئەو یاسایەی کە فرەژنی قەدەغە کردووە، دووەمیشیان یاسای هاوسەرگیرییە کە لە 18 کەمتری قەدەغەکردووە، پێشێل کردنی ئەم دوو یاسایە بووەتە هۆی لەدەستدانی تێکڕای مافە مەدەنییەکانی ئەو کچە و هەروەها بێبەشبوونی منداڵەکانی لە هەڵگرتنی ناوی باوکی راستەقینەیان و تەنانەت ناسنامەی باری شارستانییەت. هەروەها نموونەی حەوتەمیش دەڵێت: "باوکم منی لە مەکتەب دەرهێنا و و بە تەزویر تەمەنی منی گەورە کردەوە و بە مێردمی دا". تەزویرکردن وگەورەکردنەوەی تەمەنی ئەو کچە منداڵە یەکێکی ترە لە ئاکامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە کە دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و تەزویر و فێڵ کردن لە کۆمەڵگادا. ئەمەش هەمان بۆچوونی

(ف.م.س) شارەزای یاساییە کە دەڵێت: "هاوسەرگیریی منداڵان نیگەتیڤە لەسەر خودی قوربانییەکە کە مافی منداڵییەتی لێ زەوت دەکرێت و بێ بەش دەبێت لە ژیانێکی تەندروست و لەدەستدانی تێکڕای مافە مەدەنییەکانی تری چونکە هاوسەرگیرییەکەی یاسایی نییە، و دەبێتە هۆی بارگرانییەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگە بە هۆی ئەو هەموو منداڵە بێ ناسنامەیە کە یاسا ناتوانێت هیچیان بۆ بکات، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی فرت و فێڵ و تەزویر کردن چ بە کەورەکردنەوەی کچان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، چ لە تۆمارکردنی منداڵ بەناوی باوکی کچەکەوە". هاوسەرگیریی منداڵان ئاکامی نێگەتیڤی هەیە لەسەر خودی تاک وهەروەها دەورووبەری، ئەم هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی زاڵ بوون و زیندووکردنەوەی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پێداویستییە کولتووری و رۆشنبیری ومافەکانی مرۆڤ و بەشداریکردنی ئافرەت لە تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری وکولتووری ناگونجێت، هەروەها دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بڵاوبوونەوەی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە جیاوازییە جێندەرییەکان دووپات دەکەنەوە. سەرباری ئەوەش دەبێتە هۆی بێ بەشبوونی کچان لە بەردەوامبوون لە خوێندن کە یە بۆچوونی شارەزایان باشترین رێگەیە بۆ رزگارکردنی کچان لەو فشارە کۆمەڵایەتییانەی دەکەوێتە سەریان بە هۆی نەخوێندەواری و هەروەها لەدەستدانی چانسێکی باش بۆ کارکردن و رۆشنبیربوون و بەشدارییەکی تەندروست لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا. سەرەرای ئەوەش لەدایکبوونی کۆمەڵێک منداڵ کە لەرووی پەروەردە کردنەوە بێ بەش دەبن لە

پەروەردەیەکی تەندروست بەهۆی کەم ئەزموونی دایکیان کە خۆی هێشتا منداڵە و پێویستی بە چاودێرییە بەڵام مافی منداڵییەتی لێ زەوت کراوە و خراوەتە ژێر بارێکی قورس کە لەڕووی دەروونی وکۆمەلایەتی و پەروەردەیی و جەستەییەوە ئەو ئامادەییەی تێدا نییە.

**دەرئەنجام**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری کولتوور و ئایینە لەسەر هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا و هەروها ئاکامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە لەسەر تاک و خێزان وکۆمەڵگادا. بەشودانی کچان لە تەمەنی خوارووی 14 ساڵ لە کۆنەوە بوونی هەبووە چ بە پاساوی کولتوور یان پاساوی ئایین کە پێیانوایە زوو بەشودانی کچ دەیپارێزێ لە کێشەی کۆمەڵایەتی و لادان. سەرئەنجام بەشوودانی کچان لەتەمەنی منداڵی و بە بێ گوێدانە ئاکامە خراپەکانی لەسەر تاک وکۆمەڵگەوە بووەتە جۆرێک لە جۆرە باوەکانی هاوسەرگیری لە کوردستاندا.

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە هاوسەرگیریی منداڵان لە کوردستاندا بە شیوەیەکی بەرچاو کاریگەری کولتووری باوی پێوە دیارە، بەتایبەت کولتووری پیاوسالاریی کە خاوەن تێڕوانینێکی نەرێتییە بۆ ئافرەت کە لەرووی بە مرۆڤبونیشەوە بە پلەیەک لە پیاوان نزمترە و دەسەڵاتی پیاوی بەسەردا زاڵە. هەروەها کاریگەری ئایینی پێوە دیارە، چونکە ئایین کلیلێکە بۆ پێشێل کردنی یاسا و شەرعییەت دان بەم هاوسەرگیرییە. لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئایینی ئیسلام کاریگەرە لە بوارەکانی ژیانی تاکی وکۆمەڵایەتی و لە

پرۆسەی هاوسەرگیری بە گشتی وهاوسەرگیریی منداڵان بە تایبەتی، بۆیە هاوسەرگیریی منداڵان بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری شەرعەوە. سەرباری ئەوەی کە هاوسەرگیریی منداڵان چەندین ئاکامی نەرێنی هەیە لەسەر خودی تاک وکۆمەڵگە، ئەم هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی زاڵ بوونی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان کە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و بەشداریکردنی ئافرەتە لە تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری وکولتووری هەروەها سەرهەڵدانی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

## سەرچاوەکان (کتێب)


- بو ضرغم، صابر(2000)، خطوات البحث الاجتماعي، دار الآفاق الجديدة، بيروت.
- الخوری، نسيم(2008)، الزواج- مقاربه نفسيه واجتماعيه، دار المنهل اللبنانی، بيروت
- الرباتی، ابراهيم طاهر معروف(2004)، المراة الكوردية و دورها في المجتمع الكوردي، التفسير، اربيل
- السقاف، علوی بن عبدالقادر(2013)، عائشه ام المؤمنين" الدرر السنيه، السعوديه.
- شكری، علياء(1988)، المراه فی الريف والحچر،دار المعرفه الجامعة الاسكندريه
- عبدالمؤمن، علی معمر(2008)، البحث في العلوم الاجتماعية، دار الكتب الوطنية- ليبيا
- العبيدي، محمد جاسم ولي، باسم محمد(2009)، المدخل الى علم النفس الاجتماعي، دار الثقافة للنشر، عمان.

- عمر، معن خليل(2011)، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و. زیرەك ئەحمەد رحمان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- الغزوى، سليم(2004)، المدخل الى علم الاجتماع، دار الشروق،عمان.
- ملحم، سامي محمد(2002)، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

### سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان

- السعود، حصة بنت سلمان(2010). زواج القاصرات بين النظرية والواقع المأمول، اخر قراءة 2016/12/27
https://www.okaz.com.sa/article/327286
- http://almadapaper.net/Details/90037-زواج-القاصرات/
UgDr5KM-OUw.facebookمشكلة-أين-يكمن-حلها#.
- https://repository.nauss.edu.sa/handle/123456789/53640
- الجبار،عادل العبد(2012)، زواج القاصرات بين الدين والعادات، اخر قراءة 2016/12/10،
http://www.feqhup.com/uploads/1366578547851.pdf
- الحربي، فاطمة(2010)، زواج القاصرات بين راي المختصين والعرف الاجتماعي، اخر قراءة 2017/2/26،
http://www.anbaanews.com/archives/14041
- خان،سحر(2009)، لا لاغتيال الطفوله والبراءة بسكين زواج القاصرات البارد، آخر قراءة 2017/1/11
http://www.sauress.com/alolaa/1000191
- الخشن، حسين(2013)، زواج القاصرات، اخر قراءة 2017/2/22، http://www.al-khechin.com/article/53
- خضر، مجد (2016) اسباب زواج القاصرات، اخر قراءة 2016/3/1، http://mawdoo3.com/أسباب_زواج_القاصرات
- خميس، فوزي(2014)، حماية القاصرات من الزواج المبكر، اخر قراءة 2017 /3/27

- خويلد،حنان، امال نيلى(2013) اسباب انتشار الزواج المبكر و تأثيرها على المجتمع، آخر قراءة 2017/1/21 http://www.univ-tebessa.dz/fichiers/master/master_1562.pdf
- درويش، زينب عبدالمحسن(2014)، زواج القاصرات جريمة مبكرة، دواجار بينين 2017/3/27
- الدويكات، سناء(2015)، زواج القاصرات، آخر قراءة 2017/1/14، http://mawdoo3.com/بحث_عن_زواج_القاصرات
- رشيد، حسين(2015)، اغتصاب تحت عطاء شرعي- زواج القاصرات انتهاك صارخ للآنسانية، آخر قراءة 2017/3/25، http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=461590&r=0&cid=0&u=&i=0=&q
- شحادة، ندى(2015)، الزواج المبكر قاصرات ضحايا الآباء دواجار بينين 2017/3/24 http://alrai.com/article/706223.html
- صحة كوردستان(2015)، زواج القاصرات اكبر جريمة عنف ضد حقوق الانسان، http://www.shafaaq.com/ar/Ar_NewsReader/3343f313-488f-4ccd-844f-017088c950e1
- صلاح الدين، نجلاء(2014)، دنيا حست زوجت قاصرا وقتلت بالرصاص والحرق" آخر قراءة 2017/3/25 http://newsabah.com/newspaper/5813
- طارق، ايناس(2015)، الطلاق نهاية المطاف لزيجات متسرعة، اخر قراءة 2017/1/12، http://www.almadapaper.net/ar/news/487472/
- عبد الرضا، سجى(2001)، ظاهرة زواج القاصرات https://www.bsociology.com/2017/01/blog-post_422.html
- عطا، سماء نور الدين محمد عبدالرحيم احمد عطا(2010)، زواج القاصرات، آخر قراءة 2017/2/22، http://kenanaonline.com/files/0067/67613/بحث%20الزواج%20المبكر2.doc
- العمران. فاطمة(2013)، لا تزوج ابنتك قبل سن العشرين، اخر قراءة 2017/3/10 http://www.alriyadh.com/896306

- غزالي، نعمان(2017)، زواج الاطفال.. الموت في عش الزوجية، دوا جار بينين 2017/3/24 http://alsudanalyoum.com/reports-and-investigations/زواج-الأطفال-الموت-في-عش-الزوجية/
- فوزان، صالح بن فوزان(2012)، تزويج الصغيرة التي دون البلوغ من كفء سائغ اجتماعيا، اخر قراءة 2017/3/24 http://www.alfawzan.af.org.sa/node/13405
- القاسم، احمد محمود(2009)، زواج القاصرات في المجتمعات العربية، دواجار بينين 2017/3/22، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=177599
- القيسي، سها ياسين عطا(2010)، زواج الصغار في ضوء تحديد سن الزواج، اخر قراءة 2017/2/10 file:///C:/Users/Media/Desktop/child%20marriage/زواج%20الصغار.pdf
- محمد،اماني(2014)، زواج القاصرات عملية بيع و شراء للجسد، اخر قراءة 2017/3/24، http://www.akhbarona.com/social/80433.html
- مروكل، شميران(2013). زواج القاصرات مشكلة اين يكمن حلها؟ اخر قراءة 2017/3/3
- المنصوري، بديعة(2014)، زواج القاصرات، اخر قراءة 2017/2/22، http://www.radiosawa.com/a/246883.html
- النجا، خالد(2015)، الزواج المبكر و زواج القاصر بين شريعة السماء وقوانين لعشيرة، اخر قراءة 2015/3/2، http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=57213
- الهلالى، سعد الدين(2011)، هل الاسلام يبيح زواج القاصرات؟ اخر قراءه 2017/1/12، http://islamtherationalfaith.blogspot.com/2012/11/blog-post_2664.html

**ملخص**

**زواج القاصرات وعلاقته بالدين والثقافة/ دراسة سوسيولوجية ميدانية في محافظة اربيل**

الهدف من اجراء هذا البحث هو معرفة العوامل المؤثرة في زواج القاصرات و خصوصا الثقافة والدين واثارهما على كل من الفرد والعائلة والمجتمع. وقد تم اعتماد المنهج الكيفي، واجراء المقابلة شبه المقننة. ومجتمع البحث هو محافظة اربيل، اما عينة البحث فقد قسمت الى جزءين، الجزء الاول يتكون من(7) حالات من الفتيات اللائي تم تزويجهن دون ال(15) عاما، والجزء الثاني يتكون من (7) اشخاص من المتخصصين في مجالات الشريعة وعلم الاجتماع و حقوق الانسان والقانون والطب. وقد توصل البحث الى جملة من النتائج من ابرزها، ان زواج القاصرات في كوردستان تتأثر و بشكل كبير بالثقافة السائدة في المجتمع و خصوصا السلطة الابوية التي تصنف المراة في مرتبة ادنى من الرجل و تجعلها ان تكون تحت وصايته. كما ان الدين الاسلامي في المجتمع الكوردي يلعب دورا كبيرا في مختلف مناحي الحياة والزواج عموما و زواج القاصرات خصوصا مما يعني ان زواج القاصرات يقع و بشكل مباشر تحت تأثير الشريعة الاسلامية. علاوة على النتائج السلبية التي تترتب على زواج القاصرات كسيطرة العادات والتقاليد الاجتماعية القديمة التي تتعارض مع حقوق الانسان و تمكين المراة في مجالات الحياة الاجتماعية والسياسية والاقتصادية والثقافية والحضارية، و بالتالي تفاقم المشكلات الاجتماعية ومن ابرزها الطلاق.

## Child Marriage in Kurdistan and its Relation to Culture and Religion

A Sociology Field Research carried out in Erbil Province


### Summary

This research aims at identifying the effects of culture and religion on child marriage, and its consequences to individuals, families and society. Qualitative method is used in carrying out this research, and semi-structured interviews have been conducted of for data collection. The research field is the city of Erbil and the research samples are of two categories; the first category comprises of seven cases of girls married under the age of 15 while the second category comprises seven experts in the fields of Shari'a, sociology, human rights, gynecology, and lawyers.

This research demonstrates that child marriage is vastly influenced by the prevailing culture, in particular the patriarchic culture that carries a traditional viewpoint to women and considers that women as human being inferior to men and under men's hegemony. Child marriage is also influenced by religion as religion is a key to violating the law and legitimizing this marriage. In the Kurdish society, religion impacts the community and individuals' aspects of life and the marriage process in general, and it impacts child marriage in particular, therefore child marriage is under the direct influence of Shari'a. While child marriage has many negative consequences to individuals and the community, it also leads to the supremacy of outdated norms and traditions that are in contradiction to human rights and the participation of women in the entire aspects of social, political, economic, and cultural life. Child marriage also leads to an increase in many social problems, the most obvious of which is divorce.